

# یاریزانانی زاخۆ لەسەر کاغەزی سپی گرێبەست واژوو دەکەن

بەمەبەستی بەهێز کردنی ریزی پێکهاتەی یانەکەی و بەدەست هێنانی ئەنجامێکی شایستە لە وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی عێراقی، دوای ئەوەی ئەم وەزرە هیچ یانەیەکی عێراقی نەیتوانی نازناوەکە بەرز بکاتەوە بەهۆی کێشە ئەمنییەکانی ژمارەیەك لە شارەکانی عێراقی، بەڵام لە ئێستاشدا یانەکانی بەشدار لە خولەکە لە ئامادەکاری و کێبڕکێدان بۆ مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ یاریزانانی عێراقی، یانەی زاخۆش وەکو سەرجەم یانەکانی تری عێراق بەردەوامە لە بەهێز کردنی ریزی پێکهاتەی یانەکەی و بەدەست هێنانی ئەنجامی شایستە بۆ وەرزی نوێ، گرێبەستی لەگەڵ هەریەك لە یاریزانان(یونس شوکر، ستار یاسینی یاریزانی هەڵبژاردەی لاوانی عێراق و یانەی کەرکوك، ئەحمەد حوسێن لە یانەی شورتە) مۆرکردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم یاریزانانە بتوانێ ئەنجامێکی شایستە بەدەست بهێنێ، لە بارەی مۆرکردنی گرێبەستیش لەگەڵ ئەم یاریزانانە خەلیل ئەحمەد سکرتێری یانەی وەرزشی زاخۆ بۆگۆڤاری گوڵانی راگەیاند و گوتی» ئێمە بەردەوامین لەبەهێز کردنی ریزی پێکهاتەی یانەکەمان بۆ خولی عێراقی لە ئێستاشدا هەریەك لە یاریزانان یونس شوکر و ستاریاسین لە یانەی کەرکوك و ئەحمەدحوسێن لە یانەی شورتە بەفەرمی گرێبەستیان بۆماوەی یەك وەرز لەگەڵ ئێمە کردووە هەر سێ یاریزانانی ناوبراویش لەسەر کاغەزی سپی گرێبەستیان لەگەڵ ئێمە مۆرکردووە هەوڵ دەدەین لە داهاتوو یاریزانی بەتواناتریش بهێنیە ریزی یانەکەمان.

# دهۆک هەوڵی خۆ بەهێز کردن دەدات



بەمەبەستی بەهێز کردنی ریزی پێکهاتەی یانەکەی بۆ وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی عێراقی کە بڕیارە یارییەکانی لە مانگی ١٠ داهاتوو بەبەشداریی بیست یانەی شارەکانی عێراقی بەڕێوە بچێت، لە ئێستاشدا یانەی دهۆك بە شێوەیەك دەستی بە کۆکردنەوەی یاریزانان کردووە بۆ وەرزی نوێی خولی عێراقی بە ئامانجی بەدەست هێنانی ئەنجامی شایستە لە خولەکە، لە ئێستاشدا یانەی دهۆك لە هەوڵی ڕازی کردنی هەریەك لە یاریزانان (محەمەدحەمیدی گۆڵچی هەڵبژاردەی عێراق و یانەی شورتە، حوسێن عەبدولواحید لە یانەی مینا، زەهیر مەیدانی لە یانەی زەورا و پیشەگەری سوری، مکاجی ڕازی لە یانەی جەوییە ) لە هەوڵی ئەوەدان بێنە ریزی یانەی دهۆك، بەمەبەستی بەهێز کردنی پێکهاتەی یانەکە، سەرچاوەیەکیش لە شاری دهۆك نزیك لە یانەی دهۆك ئەوەی ئاشکرا کردوە و رایگەیاند گوتی» هەر چەندە لە ئێستاشدا یانەی دهۆك لە قەیرانی دارایی دایە، بەڵام دەستەی کارگێڕیی یانەی دهۆك نایەوێ هەر ئاوها دەستەو وەستان بوەستێ بۆ بەدەست هێنانی ژمارەیەك یاریزانی بەتواناى عێراقی، چونکە یانەکان دەستیان بە ئامادەکاری و پەلکێش کردنی یاریزانان کردووە، کەچی یانەی دهۆك تازە بە تازە دەست بەهێنانی یاریزانان دەکات و هەریەك لە یاریزانان محەمەد حەمیدی گۆڵچی هەڵبژاردەی عێراق و یانەی شورتە، حوسێن عەبدولواحید لە یانەی مینا، فەرحان شوکر لە یانەی هەولێر، زەهیرمەیدانی لە یانەی زەورا و پیشەگەری سوری، مکاجی ڕازی لە یانەی جەوییە، لە هەوڵی ئەوەداین پەلکێشیان بکەین و گفتوگۆیان لەگەڵ کراوە و ژمارەیەك لەم یاریزانانەش ئێستا لە شاری دهۆکن بۆ بە کۆتایی هێنانی گفتوگۆکان، بەڵام یانەی دهۆك بە شێوەیەکی فەرمی هێنانی ئەم یاریزانانەی ئاشکرا نەکردووە، لە هەوڵی ئەوەدایە ئەم یاریزانانەو ژمارەیەکی تر لە یاریزانانی بەتواناى شارەکانی هەمووی بەیەکەوە بگوازێتەوە ریزی یانەکەی.



# سەمیر بابۆ بەفەرمی لەگەل پێشمەرگەی هەولێر کاردەکات

بەمەبەستی بەهێز کردنی ریزی پێکهاتەی یانەکەی و بەدەست هێنانی ئەنجامێکی شایستە لە وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشی پێشمەرگەی هەولێر بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ دەستەی راهێنەرانی یانەی هەولێر مۆرکرد، هەریەك لە سەمیر بابۆ وەکو ڕاهێنەرو ئەبوبەکر ئەنوەر وەکو یاریدەدەر و کەیفی عەبدولرەحمان وەکو ڕاهێنەری هێزی جەستەیی وعەبدولخالق مەحمود وەکو ڕاهێنەری گۆڵچیان دەست بەرکار دەبن لە یانەکە بۆماوەی چوار وەرز، لە بارەی دەست نیشان کردنیان لە پۆستی ڕاهێنەرایەتی یانەکەش سەمیر بابۆ ڕاهێنەری تازەی یانەی پێشمەرگەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی» ئێمە وەکو ستافی ڕاهێنەرانی یانەی هەولێر بەفەرمی پەیوەندیمان کردوە بە یانەی پێشمەرگەی هەولێرو بۆ ماوەی چوار وەرز لەگەڵ ئەم یانەیە بەردەوام دەبین، گوتیشی « ئێمە بەرنامەی تایبەتی خۆمان هەیە بۆ گۆڕانکاری لە ریزی یانەی پێشمەرگە و هەموو کارێك دەکەین بۆ بەدەست هێنانی ئەنجامی باش، هەوڵیش دەدەین کۆمەڵێك یاریزانی بەتوانا و بە ئەزموون پەلکێشی یانەکەمان بکەین بۆ ئەوەی لە خولی نایابی کوردستان کێبڕکێی بەدەست هێنانی ئەنجامی شایستە بکەین، بەڵام ئێمە زیاتر پشت بەو یاریزانانە دەبەستین کە بگونجێت لەگەڵ مەشقەکانی ئێمەو کارگێڕیی یانەکەمان، تاکو ئێستاش بەفەرمی قسەمان لەگەڵ هیچ یاریزانێك نەکردووە، لە بارەی بڕی پارەی گرێبەستی خۆیان لە یانەکە، سەمیر ئامادەنەبوو هیچ زانیارییەك لەسەر بڕی بۆندەکەیان ئاشکرا بکات، گوتی « ئەوە پەیوەندی بە ئێمە و دەستەی کارگێڕیی یانەکە هەیە.

# سبەی شەو.. ریال مەدرید و سیڤیلیا لە یاریی جامی سوپەری ئەوروپا بەیەک دەگەن

کاتژمێر ٩,٤٥ی سبەی شەو سێشەممە ٢٠١٤/٨/١٢ لەیاریگای کاردیف سیتی لە وڵاتی وێلز یاریی جامی سوپەری ئەوروپا لە نێوان هەردوو یانەکەی ئیسپانیا ریال مەدرید پاڵەوانی چامپیۆنزلیگ و سیڤیلیا پاڵەوانی یۆرۆلیگ ئەنجام دەدرێت، هەردوو یانە چاویان لەم نازناوەیە بەتایبەتی کە یەکەم نازناوی وەرزی تازەیە، هەردوو یانەش چەندین گۆڕانکاری لەپێکهاتەکەیان کراوە بەتایبەتی یانەی ریال مەدرید بەهاتنی هەریەك لەیاریزانان تۆنی کرۆس و خێمس رۆدریگز و گۆڵپارێز کایلۆر ناڤاس.

پاڵەوانییەتی جامی سوپەری ئەوروپا لەساڵی ١٩٧٢ ئەنجام دەدرێت و تا ئێستا ئەم یانانە زۆرترین جار ئەم نازناوەیان بەدەست هێناوە:

ئەی سی میلان (ئیتالیا) ٥ جار
بەرشلۆنە (ئیسپانیا) ٤ جار
لیڤەرپول (ئینگلتەرا) ٣ جار
ئەیاکس ئەمستردان (هۆڵەندا) ٣ جار

شایانی باسە لەماوەی ١٠ ساڵی رابردوو ئەنجامی یاری سوپەری ئەوروپا بەم شێوەیە بوو :

٢٠٠٣ میلان (ئیتالیا) ١ * پۆرتۆ (پورتوگال) ٠
٢٠٠٤ پۆرتۆ (پورتوگال) ١ * ڤالانسیا (ئیسپانیا) ٢
٢٠٠٥ لیڤەرپول (ئینگلتەرا) ٣ * سیسکا مۆسکۆ (روسیا) ١
٢٠٠٦ بەرشلۆنە (ئیسپانیا) ٠ * سیڤیلیا (ئیسپانیا) ٣
٢٠٠٧ میلان (ئیتالیا) ٣ * سیڤیلیا (ئیسپانیا) ١
٢٠٠٨ مانچستەر یونایتد (ئینگلتەرا) ١ * زێنت سان پێترسبۆرگ (روسیا) ٢
٢٠٠٩ بەرشلۆنە (ئیسپانیا) ١ * شاختار دۆنتسیك (ئۆکرانیا) ٠
٢٠١٠ ئینتەرمیلان (ئیتالیا) ٠ * ئەتلەتیکۆ مەدرید (ئیسپانیا) ٢
٢٠١١ بەرشلۆنە (ئیسپانیا) ٢ * پۆرتۆ (پورتوگال)٠
٢٠١٢ چێلسی (ئینگلتەرا) ١ * ئەتلەتیکۆ مەدرید (ئیسپانیا) ٤
٢٠١٣ بایرن میونیخ (ئەڵمانیا) ٢ * چێلسی (ئینگلتەرا) ٢ (٥ – ٤) بەلێدانی یەکلاکەرەوە بۆ یانەی بایرن میونیخ.



# ناڤاس شەشەم گۆڵپارێزی بیانییە لەگەڵ یانەی ریال مەدرید



یانـــەی ریال مەدریدی ئیســـپانی بەفەرمـــی بۆندی لەگەڵ گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی کۆستاریکا و یانەی لیڤانتی کایلۆر ناڤاس مۆرکرد بەرامبەر بە ١٠ ملیۆن و لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لەیاریگای سانتیاگۆ بەرنابیۆ پێشکەش بەدەزگاکانی راگەیاند و هاندەرانـــی یانەی شـــاهانە کـــرا، ناڤاس ئاســـتێکی بەرزی لەیارییەکانی مۆندیالی بەرازیل پێشکەش کرد و جێگای بایەخی یانەی ریال مەدرید بوو، ناڤاس بووە یەکەم یاریزانی کۆستاریکی لە مێژوودا کە یاری بۆ یانەی ریال مەدرید دەکات .

لە مێـــژوودا پێنج گۆڵپارێزی بیانی یارییـــان بۆ یانەی ریال مەدریـــد کردووە و ناڤاس بووە شەشـــەمین گۆڵپارێزی بیانی لە مێژووی یانەی ریال مەدرید دا:

١- ئەلبێتی جویلا کیتســـیل: یەکەم گۆڵپارێزی بیانی بوو بۆ یانـــەی ریـــال مەدرید بۆ ماوەی دوو وەرز یاریی کرد لەســـاڵی ١٩٣٣ تا ١٩٣٥

٢- رۆجیلیۆ ئەنتۆنیۆ دۆمەنیگیـــز: گۆڵپارێزێکی ئەرژەنتینی بوو لەســـەردەمی زێڕینی ریال مەدرید شان بەشانی ئەلفریدۆ دی ســـتیڤانۆ یاری دەکرد لە ســـاڵی ١٩٥٧ تا ســـاڵی ١٩٦١ و سێ نازناوی چامپیۆنز لیگی بەدەست هێناوە .

٣- بۆدۆ ئەلیگنەر: گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بوو لەساڵی ١٩٩٦ تا ساڵی ٢٠٠١ یاری کرد و لە ٩١ یاری بەشدار بوو، دوو چامپیۆنز لیگ و دوو لالیگای بەدەست هێناوە

٤- ئەلبانـــۆ بێتزاری: گۆڵپارێزی ئەرژەنتینی یەك وەرز ١٩٩٩-٢٠٠ بەشدار بوو، دەرفەتی پێنەدرا و تەنها لە ٧ یاری بەشداربوو

٥- جێرزی دۆدیك: گۆڵپارێزی پۆلەندی بۆ چوار وەرز یاری کرد لە ســـاڵی ٢٠٠٨ تا ساڵی ٢٠١٢، بەهۆی بوونی ئیکەر کاسیاس دەرفەتی نەبوو بەشێوەی سەرەکی یاری بکات .



# زاڤی هێرناندیز ماڵئاوایی لەهەڵبژاردەی ئیسپانیا کرد

یاریزانی هێڵی ناوەڕاســـتی یانەی بەرشـــلۆنە و هەڵبژاردەی ئیســـپانیا زاڤی هێرناندیز رایگەیاند چیتر یاری بۆ هەڵبژاردەی ئیســـپانیا ناکات و بڕیاری داوە واز لەیاریکردنی نێودەوڵەتی بهێنێت دوای ئەوەی تەمەنی گەیشـــتە ٣٤ ساڵ، زاڤـــی لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییدا ئەم هەواڵـــەی دووپاتکردەوە و گوتی: دەمـــەوێ ئەوەتان پێ رابگەیەنم کە بڕیاریم داوە واز لەیاریکردنی نێودەوڵەتی بهێنم لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیســـپانیا، کاتی من لـــە یاریکردنی نێودەوڵەتی کۆتایی هات و ئێســـتا بیرکردنەوەم تەنیا لەگەڵ یانەی بەرشـــلۆنە و راهێنەر ئەنریکیە . هەروەها زاڤی گوتی : لەماوەی یاریکردنم بۆ هەڵبژاردەی ئیسپانیا کاتی زۆر خۆشـــم بەسەر برد و چەندین نازناومان بەدەست هێنا، سوپاسی هەموو هاوڕێکانم و راهێنەرەکان دەکەم . شـــایانی باســـە یاریزان زاڤی هێرناندیز ١٣٣ یاری نێودەوڵەتی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیسپانیا ئەنجامداوە و هەرسێ نازناوی یۆرۆی ٢٠٠٨ و ٢٠١٢ و مۆندیالی ٢٠١٠ی بەدەست هێناوە، زاڤی بەشداری لەچوار مۆندیال و سێ یۆرۆ کردووە.



# هەڵبژاردەی کوردستان پلەی دووەمی پاڵەوانێتیی نۆروەی کۆپی بە دەستهێنا

**لە وڵاتی نەرویج کۆتایی بە پاڵەوانێتی (norway cup) هات، کە پاڵەوانێتییەکە ساڵانە لەم وڵاتە ئەنجام دەدرێت لەسەر ئاستی لاوان و تازەپێگەیشتووان، کە تیایدا زیاتر لە ١٦٠ یانە بەشداری تیایدا دەکەن و یەکێك لە بەشداربووەکان هەڵبژاردەی لاوانی کوردستان بوو، کە توانی بگاتە یاریی کۆتایی پاڵەوانێتییەکە و پلەی دووەم بە دەستبهێنێت دوای ئەوەی لە یاریی کۆتایی بە ئەنجامی (٤-٣) گۆڵ بەرانبەر تیپی کامپالای (ئۆگەندی) دۆڕا.**

ڕاپۆرت: ڕێبین ڕەمزی

هەڵبژاردەی لاوانی کوردستان لەم پاڵەوانێتیەدا لە کۆمەڵەی (٢٢) یاری دەکرد و توانی پێشەنگی کۆمەڵەکە بۆ خۆی مسۆگەر بکات دوای بە دەستهێنانی سێ سەرکەوتن و ئەنجامەکانی لەم کۆمەڵەیە بەمشێوەیە بوو.

لاوانی کوردستان - مۆدۆم ٣-٠

لاوانی کوردستان - ئاسکۆی ٤-٠

لاوانی کوردستان - هۆیبرایتن ٥-٠

قۆناغی ٦٤

لاوانی کوردستان - لانگهۆس ٩-٠

قۆناغی ٣٢

لاوانی کوردستان - برۆنۆیسۆند ٤-٠

قۆناغی ١٦

لاوانی کوردستان - سکید ٣-١

قۆناغی ٨

لاوانی کوردستان - بریمنیس ٣-٠

یاری پێش کۆتایی

لاوانی کوردستان - هۆلملیا ٣-٠

یاری کۆتایی

لاوانی کوردستان - تیپی کامپالا ئۆگەندا ٣-٤

چەند سەرژمێرێکی تایبەت بە بەشداریکردنی هەڵبژاردەی لاوانی کوردستان لەم پاڵەوانێتیە

هەڵبژاردەی لاوانی کوردستان ٩ یاری ئەنجامدا سەرکەوتنی لە (٨) یاری بە دەستهێنا تەنیا لە یەك یاری تووشی دۆڕان هات.

توانی (٣٧)گۆڵ تۆماربکات بە ڕێژەی (٤,١٪) لە هەر یارییەك و تەنیا (٥) گۆڵی لێ تۆمارکراوە.

گۆڵەکانی هەڵبژاردەی لاوانی کوردستان لە ڕێگەی ئەم یاریزانانە تۆمار کراوە.

ئاسۆ ڕۆستەم ١٢ گۆڵ

بەڵێن وەشیار ٦ گۆڵ

سەردار یاسین ٤ گۆڵ

عومەر عومەر بیبۆ ٤ گۆڵ

بەرهەم عەلی ٢ گۆڵ

عومەر عەبدولکەریم ٢ گۆڵ

نیاز مەغدید ٢ گۆڵ

زانا کامەران ١ گۆڵ

غەیاس فەخرەدەین ٢ گۆڵ

پێشەوا عەزیز ١ گۆڵ

لەهوین مەهدی ١ گۆڵ

هەردوو ڕاهێنەر سەردار ساڵح و یوسف کاکی ئەرکی سەرپەرشتیاری هەڵبژاردەی لاوانی کوردستانیان دەکرد و سەلاح حوسێن سەرپەرشتیاری تیپەکە بوو.

جێگەی باسە سەرۆکی یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان بە بۆنەی بە دەستهێنانی پلەی دووەم بڕیاری دا هەڵبژاردەی لاوانی کوردستان خەڵات بکات، چونکە ئەنجامێکی یەکجار باشیان بە دەستهێناوە و هەروەها لە پاڵەوانێتی ڕابردوو هەڵبژاردەی کوردستان پلەی سێیەمی بە دەستهێنابوو.


UGANDA
KURDISTAN
LIDONG
adidas
ASK